
وتەبێژی یەکێتیی: لە عێراق کەسانێک هەن کە چاویان بە سەقامگیری و خۆشگوزەرانی هەرێم هەڵنایەت



وتەبێژی یەکێتیی ئەمڕۆ سۆشمەڵ رایدەگەیەنێت:"کابووندەوەکانی لیژنەی هاوبەشی یەکێتیی و پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی هەرێم بەردەوامیی هەیە و تائێستا لەنێوان یەکێتیی و پارتی دا باس لەدابەشکردنی پۆستە حکومییەکان نەکراوە، بەڵام یەکێتیی جێخت دەکاتەوە کە پێویستە کەسی شیاو بۆ پۆستەکان دیاریی بکرێن لەپێناو خزمەتی خەڵک"، ئەمەش کە دەرباز کەسرەت رەسول، بەرپرسی باڵای یەکێتیی دوێنێ دووشەممە باسی لێکردووە.

سەعدی ئەحمەد پیرە وتەبێژی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند:" لەئێستادا کابووندەوەی لیژنەکانی یەکێتیی و پارتی بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی هەرێم بەردەوامەو کارەکانیان جێبەجێدەکەن، کە تایبەتە بە بەرپرسیارێتییەکان و شێوەو سیاسیەتی پێکەوەکارکردن لەگەڵ ئەو پرسانەی کە دەبێت کاری لەپێشینەی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێم بێت، دوای تەواوکردنی ئەو ئەرکەش ئەو کات باس لەدابەشکردنی پۆستەکان دەکرێت، بۆیە تاوەکو ئێستا گفتوگۆ لەسەر پۆستەکان لەنێوان یەکێتی و پارتی نەکراوە".

وتەبێژی یەکێتیی لە لێدوانێکی بۆ میدیای فەرمی حیزبەکەی ئاماژەی بەوەشکرد، خەڵکی کوردستان

چیتر ئارام ناگرن لەسەر دابینکردنی پێداویستییەکانیان و پێویستە لەکابینەی داهاتوودا کەسی شیاو لەشوێنی شیاو دابنرێت، بۆئەوەی بەهەموو لایەك بتوانین خزمەتی زیاتر پێشکەش بەخەڵك بکەین.

لەکۆتایشدا لەسەر پرسی مووچە سەعدی ئەحمەد پیرەوتی: "بۆ چارەسەرکردنی پرسی مووچە، ئەگەر هەڵەیەك لەحکومەتی عێراق یان هەرێم هەیە، کەبڵتەهێی دواکەوتنی مووچە، گرنگە بوێری ئەوەهەبێت دان بەهەڵەکەدا بنرێت و هاوکاری یەکتر بن بۆ چارەسەرکردنی هەڵەکان، جا لەلیستی مووچەخۆراندایەیان لەژمارەکاندایە، لەعێراقیش کەسانێك هەن کەچاویان بەسەقامگیری و خۆشگوزەرانی هەرێم هەڵنایەت، بۆیەگرنگە حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئەوەی فشاری زیاتر بخاتەسەر حکومەت، هاوکات کەموکوڵییەکان نەهێڵت".